کاتێک کوشتنی ژنانی کورد لەناوخۆو لەدەرەوە، لەژێری ناوی کرێنەوەی شەرف و دەیان بەهانەی تر بەدزی و هەندێک جاریش بەئاشکرایی دەکرێن، ئایا کەس ئەو پرسیارەی لەخۆی کردووە؟ ئاخۆ دەبێت هەریەکەمان لەئاست ئەو دەردە ترسناکە بەربەریانەی کۆمەڵگای خۆمان و تاکەکانی، چی بکەین؟ ئایا چەند کەسمان لەخۆمانمان پرسیووە؟ ئەگەر ڕۆژنامەو هەفتەنامە ئەهلی و ئازاددەکان وەکو ئەرکێکی ڕۆژنامەنووسی ئەو کوشتارەی لەناوشارو چۆڵەوانی و سەر دەریاچەکان لەکوردستان و لەهەندەران، لەلایەن پیاوانی کورد دەرهەق بەژنان دەکرێن، ئاشکرا دەکەن و بکەرو تاوانبارانمان پێ دەناسێن،دوای ئەوە ئێمەی ڕۆشنبیر دەبێت چی بکەین؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس و نووسەران خۆیان بەجێ دێڵین و، لەم نێوەندەدا ئێمە وەکو ماڵپەڕی (( کڵاوڕۆژنە )) بۆئەوەی دەست لەسەر برینە ئاوەڵاکانی ئەم پرسە دانێین، تەنها ژنان خۆیان دەدوێنین. بەلامانەوە گرینگ نییە کێ؟و لەکوێ؟و چەند ژن دەدوێنین؟ بەقەد ئەوەندەی حەزدەکەین ئەو ڕەشەکوژیە ترسناکەی ژنان کەلەمێژووی دوای ڕاپەڕین و دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی خۆماڵیمان ڕوودەدات، هۆکارو پاساوە درۆیەکان پەردە هەڵماڵتر بکەین، تا لەو ڕێگایەوە لەلایەک؛ بەشرۆڤەی ئافرەتە ئازادیخوازو خاوەن دەنگە بێترسەکان ئاشنابین، لەلایەکی تریشەوە بەڵکو ئەو ڕێکارە دەرنجامێک و هەلێکی ڕەخساو بەرهەم بهێنێ و کوشتاری وەحشانەی ژنان کەمێک، لەکەمی بدات .

**میوانی گفتوگۆی تەوەری حەوتەمی گفتوگۆکانمان لەگەڵ**

**نووسەرو ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی مارکسیستی ناسراو خاتوو (کەژاڵ حەمە ڕەشید)ە.**

تەوەری حەوتەم



ئیبراهیم عەباس: مەرجەکانی پێکهێنان و بەهاوسەربوونی کوڕان و کچان لەکوردستان، بەهۆی زاڵی هەندێک داب و نەریتی دواکەتووی کۆن، لەهەندێک باردا دۆزەخێک بۆ ژنان دەخوڵقێنن! بەڕاست قەیرەیی کچان و خۆدزینەوەی کوڕان لەزەواج و ڕاکردنیان بەرەو هەندەران و شەڕو هەرای نێوان هاوسەران، چەندی پەیوەستە بەو ڕێگریانە ماڵەباوانی کچان بۆ بەشودانی کچەکانیان دەیانگرنە بەر ؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای ئێمەدا مەسەلەیەکی ئاڵۆزو گرێدراوە بە کێشە کۆمەڵایەتی و ، ئابووری، فەرهەنگی، دینییەکانەوە. ئەم ئاڵۆزیە وایکردوە کە کچ و کوڕ هەر لە تەمەنی هەرزەکاریانەوە ڕووبەڕوی ئاڵۆزی دەروونی و خۆخاردنەوە ببن لە بارەی چارەنوسیان و بریارڕدانیان لەسەر شێوەو جۆری هاوسەرگیریان. لە دەورانێکی پێشووتردا یان با بڵێم چەند دەیەیەک پێش ئێستا هاوسەرگیری سادەترو ئاسانتر بووە بەو پێیەی خەڵک سادەتربوون و داواو پێویستی و خواستی خەڵک لە هاوسەرگیریدا سادەترو لەئاستێکی نزمتردا بوون، بەڵام ڕۆژ بەرۆژ ئەم مەسەلەیە بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشتوەو کێشەی ماددی و مەعنەوی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کاریگەری قورس تر لەسەر هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی خەڵک دادەنێ .ئەمە بەتایبەتی لە نێو توێژی خەڵکی شارنشین و ڕۆشنبیرەکاندا زیاتر ڕۆڵی بینیووە .

بەشێوەیەکی گشتی، تا ئەو جێگایەی خواست و پێشبینی و چاوەروانی خەڵک لە هاوسەرگیریەکی تەندرووست و سەرکەوتوو بچێتە سەرو رووبەروو بوونەوەی عادات و دەستورو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بچێتە سەرەوە مەسەلەی هاوسەرگیریش ئاڵۆزترو قورستر دەبێت .

بەڵی راستە وابەستەیی بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هاوسەرگیری و فاکتەرێکی کاریگەری ئاڵۆزیەکانی هاوسەرگیری و ژیانی هاوسەرییە. تاڵی و نارەحەتییەکان لەپەیوەند بەداب و نەریتی کۆمەلایەتی و دەستێوەردانی هەمەجۆرەی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی بە تەنها رووی لە ژنان نییە، بەڵکو ئەو ناهەمواری هەلو مەرجە رووی لە کۆمەڵگاو خێزانە بە ژن و پیاوەوە، بەلام وەک خۆشتان دەڵێن بەشێوەیەکی تایبەت رووبەرووی ژنان ئاڵۆزترو سەختترە. با ئەوەش بڵێم کە؛ داب و نەریت شتێک نییە کۆمەڵگا خۆی بەرهەمی هێنابێت یان لە خۆوە پەیدا بوبێت، بەلکو ئەو داب و نەریتەی باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگای کوردییدا دەرهاویشتەی عورف و عادات و یاسا دینی و مەزهەبیهانەو بەشێوەیەکی دیاریکراو دینی ئیسلام کەکۆمەڵگاو خێزان و یاساو دەوڵەت وهەموو لایەنەکانی ژیانی گرتوەتەوە . ڕۆڵی دینیش بە پێی کێشمە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئاڵوگۆر دەکات. کەواتە سەبارەت بەو داب و نەریتە دەبێت روو لەیاساو دەوڵەت بکەین. لە یاسادا ژن لە باری ئابووریەوە وابەستە کراوە بە پیاوەوە، پیاو نەفەقەی ژن دەدات، لە میراتدا ژن نیوە بەشی پیاوی بەر دەکەوێت ....هەر ئەم یاسایانەشە لە کۆمەڵگاو داب و نەریتدا رەنگی داوەتەوە، ژن، ژنی ماڵەو ئەرکی سەرپەرشتی مناڵ و بەرێوەبردنی کاری ناوماڵە، بەرپرسیار نییە لە ئابووری خۆیی و خێزان. بە پێچەوەنەوە پیاو دەبێت هەموو بەرپرسیارەتییەکی دارایی خێزان هەڵگرێ هەر لە سەرەتای بریاردانیەوە لەسەر هاوسەرگیری هەتا دەگات بە پەیداکردنی نانی هەموو رۆژەی خیزان دوای هاوسەرگیری. لە یاسادا مافی بێ ئەملاولای تەڵاق لە دەستی پیاودایە، ژن تەنها بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات بەکۆمەڵێک مەرجی قوورسەوە، دیسان ئەم یاسایانەش لە داب و نەریت و کۆمەڵگادا رەنگی داوەتەوە، کۆمەڵگاو یاسا هەمیشە ژنی ناچار کردووە مل کەچی تەواوی خواست و داواکانی پیاو بێت وە لە بەرامبەر سەرپێچی کردندا سەرزەنشت بکرێت و سزا بدرێت. هەروەها تەواوی یاساکانی تری دینی ئیسلام و دەوڵەت، ژنی وابەستە کردوە بە تەواوەتی بە پیاوەوە خۆی بە هیچ جۆرێک سەربەخۆ نییە. بەلام لە ئێستادا وەختێک ژن لە مەیدانەکانی کارو بەرێوەبردنی کۆمەڵگادا خۆی نیشانداوە یاساو دین وە دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگاو خەڵکی مەدەنیدا کەوتونەتە جەنگ و بەرامبەرکێوە، ئەوەش کە قورسترین و سەختترین قوربانییەکانی ئەم جەنگ و بەرامبەرکێیە دەدات ژنانن. لەم سەردەمەدا هاوسەرگیری گرێدراوە بەم شێوە ئاڵۆزو گێژاوەوە دەخرێتە بەردەم کوران و کچانەوە. جا لە ئێستاشدا گەنجان لە کوردستان داراییە، نیانە، توانایی وەلامدانەوەو مل کەچ کردن بۆ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی رەگی پساوە، بۆیە کچان ناتوانن بە ئاسانی بریار لەسەر زەواج بدەن و خۆیان تەسلیمی ئەو هەموو قەیدو بەندی کۆمەڵایەتیانە بکەن، وە هەروەها بۆ کوران کارێکی ئاسان نییە لەو وەزعە ئابووریە قورسەدا خۆیان بخەنە ژێر باری بەرپرسیارەتی قورسی خێزانەوە. بەرای من ئەمانەی سەرەوە کە باس کران زیاتر هۆکاری مانەوەی کچان و ژن نەهێنانی کورانە و کوران بۆ دەرباز بوونیان لەو بەرپرسیارەتیانە رووکردنە هەندارانیان پێباشترە .

بەڵێ هێشتا داواکاری قورسی ماڵە باوان کاریگەری هەیە لە سەر ئەو وەزعە بەڵام خۆ زۆر خێزانیش هەن کە تەنها مەبەستیان هاوسەرگیری و دامەزراندنی کچەکانیانن و خەرجی قورسیش داواناکەن بەڵام فرسەت هەر کەمە بۆ هاوسەرگیریان، کەواتە ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی تر کە باسکران زیاتر رۆڵیان بینیوە .

ئیبراهیم عەباس: بوونی هاوسەرگیری بەو هەموو مەرجە قورسەی ماڵی باوکی کچ، تاچەند هۆکاری تاڵبوونی ژیانی هاوسەران و بەتایبەت ژن بەرهەمدێنێ؟ ئایا ئەو تورەبوونەی پیاوی کورد لەهاوسەرەکەی کەلەبچوکترین گرفتی ناو ماڵەوە سەرهەڵدەدات، ناگەڕێتەوە بۆ مەرجە قوورسەکانی ماڵەباوانی کچەکە لەکاتی بەشوودانی کچەکەیان؟ ئایا پیاو واهەست ناکات کچکەی (کەبۆتە هاوسەری) کڕیوەو چی مجێزی (میزاج) بێنی ئەوەی دەرهەق دەکات؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: دیسان ئەوە بڵێم کە مەرجەکانی ماڵە باوکی کچ لە یاساکان و دیین و دەوڵەت و ئەو هەل و مەرجەی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە. بە پێی یاسا پیاو بەرپرسیارە لە لە دارایی خێزان، بۆیە مەرجی ماڵە باوک لە هاوسەری کچەکەیان ئەوەیە مەسەلەی دارایی خێزانی پێ دابین بکرێت. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە چونکە کێشەی ئابووری خێزان کێشەیەکی گەورەیە، کار دەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی تری ژیان ، ماڵە باوانی کچیش تا ئەوپەری رادە هەوڵ دەدەن کەوەختێک کچەکانیان ماڵەکەیان بەجێ دەهێڵێت رۆژێک لە رۆژان نەگەرێتەوەو ئابڕویان لەکەدار بکات .مەسەلەی شەرەف و پێکەوە نەگونجانی ژن و مێرد کێشەیەکی ترسناکە وەختێک رووبەرووی خێزانەکان دەبێتەوە، بۆیە ماڵە باوکی کچ ئەوپەری هەوڵ دەدەن کە ئەم کارە روونەدات .

لەم مەسەلەی کرین و فرۆشتنەدا، بەڵێ وایە ژن دەبێتە موڵکی پیاوو پیاو کەسی پلە یەکی خێزانەو ژن پلە دووەو دەبێ ملکەچی بریارەکانی پیاو بێت. ئەمە لێکدانەوەیەکی زاڵەو کۆمەڵگاش خوڵقی پێوەگرتووە. فشارو قورسایی ماڵە باوکی کچ کاریگەری هەیە، بەڵام کێشەکە لە بنەرەتدا ئەو یاساو زهنیەتە زاڵەی کۆمەڵگایە کە سەروەری خێزان دەدات بە پیاو. بێگومان مارەیی، پێشەکی، پاشەکی، وە ئەو خەرجیە گەورەیەی کە پیاو سەرفی دەکات لە پێکەوەنانی خێزاندا بەتەواوی کرینی کچەکە دەگرێتەوەو ملکایەتی پیاو بە هێز دەکات. ئەمانەش بێگومان هۆکارن لە سەر میزاج و هەڵسوکەوتی پیاو لە خێزاندا بەرامبەر بە ژن. لەم نێوەندەشدا سۆزو خۆشەویستی رۆڵی سردراوەتەوەو خێزانەکان لەسەر بنەمای کرین و فرۆشتن پێکدێن، بۆیە خێزان لەو کۆمەڵگایانەی ئێمەدا کە ئەم جۆرە لە زهنیەت و یاساو داب ونەریت زاڵە بەسەریدا خێزانیکی تەندروست و ئاسایی نییە .هەڵبەت خەڵکانێک هەن کە لەمەسەلەی هاوسەرگیریاندا دەیانەوێت تەپوتۆزی ئەم فەرهەنگ و یاسایانە لەپرۆسەی هاوسەرگیری و بەرێوەبردنی ژیانی هاوسەریاندا بتەکێنن ، بەڵام بەداخەوە بە حوکمی سەروەری ئەو یاسایانەو بەهێزکردنیان لە لایەن دەوڵەتەوە ئەوانیش ناتوانن ئەو تەپ و تۆزە بەیەجگاری راماڵن و بەدووربن لێی .

ئیبراهیم عەباس: بەڵام گەڕ پرسیارەکەم بەجۆرێکی تر بکەم، ئایا کاتێک کوڕ هەموو مەرجەکانی ماڵی باوکی کچ لەناچاریدا پێش بەهاوسەربوون قەبووڵ دەکات؟ ئایا ئەو کاتەی خانمەکەی لەبارێکی وادا دێتە ماڵەکەی وەکو کویلەیەکی کڕدراو مامەڵەی لەگەڵ ناکات؟! ئاشکرایە گەر ئەو

ڕوانگەیە لەنێوان هاوسەران دروست بوو، پیاو کەخۆی بەباڵادەست لەسەر ژنەکەی دەزانێت دەتوانێت سووکایەتی و لێدان تا بەکوشتن بەرامبەر ژنەکەی بکات؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: سورانەوەی گفتوگۆکە و جۆری پرسیارەکان رووی لەوەیە کەکێشە سەرەکییەکە فشارو مەرجی قورسی ماڵە باوکی کچانە، لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە رۆڵی هەیە لە ئارام نەبوونی ژیانی هاوسەری و دابین نەکردنی هاوسەرگیریەکی بێ کێشە، بەڵام ئەمە کێشەی سەرەکی ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە نییە کە لە خێزانەکاندا دەگوزەرێ، بەڵکو کێشەکە زاڵی ئەو یاسا کۆنە پەرستانانەیە کە دەرهاویشتەی شەریعەت و دینی ئیسلامن و زهنیەتی پیاوسالاری و کۆیلەیەتی ژنی بەرهەم هێناوەو پێکەوە ژیانی کردووە بە پەیوەندیەکی کرین و فرۆشتن و لێرەشەوە خێزانەکان لە نائارامی و بەگژدا چونی هەموو رۆژەدا ژیان بەسەر دەبەن. لەلایەکیتریشەوە پرسیارەکان وێنەیەکی ترسناک و دڕندەی پیاو بەرامبەر بە ژن نیشان دەدات، هەرچەندە من خۆم هەندێ کات رووبەرووی ئەوە بومەتەوە کە بیرو راکانم (فیمینیستین) دژە پیاون، لە ڕاستیدا ئەو کاردابەشکردنەی کە سیستیمی سەرمایەداری، سیستمی زاڵی کۆمەڵگا سەپاندویەتی بەسەر خێزاندا و لە خێزاندا پیاو ئەرکی پەیداکردنی خەرجی خێزانی دراوە بەسەرداو ژنیش پەروەردەکردنی منداڵ و بەرێوەبردنی کارەکانی ناوماڵ ئەرکیەتی، ئەمە ئەو هەل و مەرجانەی باسکران هێناوەتە ئاراوە. دینیش فاکتەرێکی تری زاڵکردنی پیاوە بەسەر ژندا کە مەسەلەی شەرەف و سومعەی خێزانی خستوەتە ئەستۆی ژن و بەم هۆیانەوە سوکایەتی و لێدان و تەنانەت کوشتنی ژن لەلایەن پیاوەوە بوەتە کارێکی ئاسایی. بەڵام لیرەدا پرسیار ئەوەیە بۆ پیاو ئامادەییەکی گەورەی قبوڵکردنی ئەو سیستمەی هەیەو سوکایەتی و لێدان و تەنانەت کوشتن دەرهەق بە ژن ئەنجام بدات، لە باشترین حاڵەتدا و لە خێزان و نێوەندە رۆشنبیری و دیموکراتخوازەکاندا ژن کەمترە لە پیاو ؟ تەنانەت لە نێوەندە سیاسییەکان و لەریزی پارتە سیاسییەکاندا رۆڵی پیاوان ئەولەویەتەو کاری ژنان هەمیشە پلە دووە . بە سوود وەرگرتن لە دەستەواژەی (لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزن وەستاوە) رۆڵ و کاریگەری و لیاقەت و توانایی ژنان بووەتە قوربانی ئەرک ورۆڵ و کاریگەری و پلەو پایەی سیاسی پیاوان. زۆرێک هەن لە ژنانی ئازادیخواز کە خاوەنی کارامەیی و لیاقەتی سیاسیین، کەچی هاوسەرەکانیان کۆرگێرو قسەکەرو هەڵسوراوی کێشەکانی ژنانن، ژنەکان لەم حاڵەتەدا لە پێناو ئەم دەرکوتوویەی پیاوەکانیاندا ئەرکی سەرپەرشتی منداڵەکانیان هەڵگرتووەو لیهاتووی و دەنگی نارەزایەتی خۆیان کراوەتە قوربانی. هەر لەم بارەیەوە، هەندێک لە پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانی خوازان لە کاتێکدا کە ئامادە نییە قاپێک بشوات دەڵێن (چەوسانەوەی ژنان تاوانی ئێمە نییە، ئەوە بەندە بە نیزامی سەرمایەداریەوە)، ئەمە راستە بەڵام بۆ دەست نابەن بۆ ریفۆرم کردن لەم مەسەلەیەدا؟ بۆ ئامادە نین هاوکاری کارەکانی نێو ماڵ و سەرپەرشتی کردنی منداڵ بکەن لە خێزاندا؟ لە دواشیکردنەوەدا، کێیە ژن بە کەمتر لە خۆی دەزانیت؟ ئەی لێدان و سوکایەتی؟ کێیە سەری ژن بەبلۆک پان دەکاتەوە؟ ئایا ژنان خۆیان ئەم کارانە دەرهەق بە خۆیان دەکەن؟؟ بەرای من ئەوە تەنها قۆستنەوەو سوود وەرگرتنی نا درووستە لەو لێکدانەوەیەی کە دەڵێت) چەوسانەوەی ژنان بەندە بە نیزامی سەرمایەداریەوە) ئەم قسەیە زۆر راستە بەڵام دووبارەکردنەوەی لە هەموو دەرگیریەکدا کە پیاو رووبەروی دەبێتەوە، ئەمە یان ئیتر خۆدەربازکردن و شانخاڵی کردنەوەیە لە بەرامبەر بەرپرسیارەتی هاوکاری نەکردنی ژنان و تەواوی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ژنان

ئەنجامی دەدەن و قبوڵی وێنەیەکی ترسناک و درندانەی خۆیان کردووە .

هەر لێرەشەوە دەڵێم؛ مەسەلەی ژن و چەسانەوەیان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەو رووی لە تەواوی کۆمەڵگایە بە ژن و پیاوەوە، لە بەین بردن و وەلانانی ئەم هەل و مەرجەش چەندە کەوتوەتە سەر هاتنە مەیدان و راپەرینی ژنان، ئەوەندەش بەندە بە هەڵوێست گیری شۆرشگێرانەی پیاوان و چیتر قبوڵ نەکردنی ئەو سیستمەی ئەوان دەکاتە سەروەرو بکوژو ئامرازی چەوسانەوەی ژنان و دەبێت ئامادەیی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیان هەبێت و هەلو مەرجی نایەکسانی نێو خێزانەکان و پەیوەندی ژن و مێرد بە بارێکی تردا بەرن تا ژنان خۆیان ببنە زمان حاڵی کێشەکانی خۆیان .

ئیبراهیم عەباس: پێشنیازو قسەکانت چیین بۆ کۆمەڵگای خۆمان تا ئازادی زیاتر بەکورو کچان بدەن بۆ بەهاوسەربوونیان؟و بەپێچەوانەوە مەرج و کوتی قورس لەسەر بەمێردانی کچەکانیان دانەنێن؟ بەڵکو ئەم رێکارە لەجێ بەدۆزەخبوونی ژیانی ژنان بەختەوەری لێبەرهەم بێت؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: بە رای من هەم کۆمەڵگا هەم دەوڵەت بەرپرسیارە لە ئاڵوگۆرکردن لەو هەلومەرجە قورسەدا کە لەبەردەم گەنجاندایە لە پرۆسەی هاوسەرگیری و دیاریکردنی ژیانی دوارۆژیاندا هەیە .دەوڵەت، دەسەڵات لەسەریەتی کارئاسانی بکات بۆ گەنجان هەر لە باشکردنی باری دارایی خێزانەکان و دابین کردنی بودجەی لە بابەت (سولفەی زەواج، مووچە، دەرماڵە،،،) بەبرێک کە پێداویستییەکانی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پێدابین بکرێت. رەخساندنی هەلی گونجاو بۆ ژن و پیاو تا لە مەیدانەکانی کاردا کاربکەن و تواناییان بەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتیەکانی ژیانیان بشکێتەوە. کارکردن بۆ وەلانان و سرینەوەی ئەو زهنیەتەی کە مامەڵەی کرین و فرۆشتن لە هاوسەرگیریدا دەکات . وازهێنانی خێزانەکان لە مەرج و فشاری قورس لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا و وازهێنان لەو زەخت و زۆرەی دەخرێتە بەردەم گەنجان لە بەرێوەبردنی پراوپری رێورەسمی دیینی و عەشایەری لە هاوسەرگیریاندا. لابردنی یاساکانی مارەیی، تەڵاق، زەواج، میرات، وە جێگرتنەوەیان بە یاسای مەدەنی هاوچەرخ، کە رێگە لە ئازادییەکانی خەڵک نەگرێت، ژیانێکی ئازادو هاوچەرخ و تەبا بەرهەم بهێنێت. پەرەدان بەلێکدانەوەیەک کە ژن و پیاو تەبا سەیر بکات و هەردووکیان لە بەرامبەر ئەرکەکانی ژیان و دوارۆژیاندا وەک یەک بەرپرسیار بن هەم لە خەرجی و دارایی خێزان هەم لە بەرێوەبردنی ماڵ و خێزان و مناڵدا .

ئیبراهیم عەباس: ئەی ئەو دەست نەپارێزییەی ئێستای پیاوی کورد، پەیوەستە بەترس و خیانەتی سێکسەوە؟ یان گرفتە هەرەبچوکەکان بەهۆی خراپ حاڵیبوون و تارمایی ماڵی باوانی هەردووکیان، دواجار سوکایەتی و بێحورمەتی و کوشتاری بۆ ژنان لێبەرهەم دێت؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: کوشتنی ژنان بە بەهانە جۆراو جۆرەکانییەوە کە زەقترین و بەربڵاوترینیان کوشتنە لەسەر مەسەلەی شەرەف دەگەرێتەوە بۆ یاساکانی دەوڵەت و ئەو فەرهەنگ و داب و نەریتەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتە جۆراو جۆرەکان تا ئێستا داویانە بە کۆمەڵگا . کێشەکە ئاوا بچوک و سادە نییە لە خێزاندا بەهۆی بەد حاڵی بوون و کێبەرکێ ی خێزانەکانەوە حاڵەت رووی دابێت و ژنی تیا کوژرابێت، بەڵکو کێشەکە زۆر لەوە گەورەترو ئاڵۆزترەو رەگ و ریشەی سیاسی و

کۆمەڵایەتی قوڵی هەیەو یاساو دەولەت و دین و مزگەوت هەیە لەپشتییەوە . یاساکان بە پشت بەستن بە شەریعەتی ئیسلام هاندەری پیاوانە بۆ کوشتنی ژنان بەبەهانەی کرینەوەی شەرەف. ئەوە دەولەت و دەسەڵاتە کۆمەک دەکات بە مزگەوت و دەزگا دینییەکان و بیرو باوەری دینی پەرەپێدەدات و فەرهەنگی پیاو سالاری بەهێز دەکات. کاتێکیش کە دەسەڵات رووبەروی نارەزایەتی خەلک دەبیتەوە لە بەرامبەر ئەو دیاردە دژی ئینسانیەدا، کەمترین بەرپرسیارەتی لە خۆی نیشان دەدات، تا ئێستا ئەو هەنگاوانەی لە راستای کۆتایی هێنان بە کوشتنی ژنان نراوە لە لایەن دەسەڵاتەوە زۆر کەمە لە چاو کوشتاری ژنان و سوکایەتی پێکردنی هەموو رۆژەیان .

سەبارەت بە گۆرینی ئەو یاسایانەی پشتیوانی لە کوشتنی ژنان دەکات و دریژە بە رۆڵی پلە دوویی دەدات ئەمە کارێکە کە تا ئێستا دەسەڵات ناچێتە ژێر باری و پارێزگاری لە مانەوەیان دەکات. لە کوردستاندا مزگەوت دەزگایەکە راستەوخۆ خەریکی بڵاوکردنەوەو بەهێزکردنی بیروباوەری کۆنەپەرستانەو دژ بە ژنانە و بانگەوازو فتواو تیرۆری لێوەدەکرێ، کەچی دەبێت لەلایەن دەسەڵات و پارتە سیاسیەکانەوە گەورەترین پاڵپشتی لەم دەزگایانە دەکریت و بوجەو داهاتی زەخم تەرخان دەکرێت بۆ بینا کردنیان، لە بەرامبەریشدا کەمترین کۆمەک بە ریکخراوەکانی ژنان و ریکخراوەکانی پارێزەر لە لە یەکسانی و ئازادیخوازی دەکرێت ئەمانەو بگرە هەمیشە رووبەرووی رێگری و بەگژدا چوونەوە بوونەتەوە. بە گشتی ئەو فاکتەرانەی باسکران تواناو هێزو دەسەڵاتێکی بێ وێنەی داوە بەپیاو لەکۆمەڵگەدا بۆ چەوسانەوەی ژنان و پیاوسالاری ئەوەندەی تر بە هێز بووە .

ئیبراهیم عەباس: گەر تێبینیت کردبێت لەهەموو ئەو حاڵەتانەی ژنان سوتاون، یان کوژراون، ماڵەباوانی کچ و کورەکە هەریەکەو لەئاوازێک دەخوێنن و وەکو شەرو جەنگ، بەسەر دوو بەرەدا دابەشدەبن!؟ وەهیچ دوور نییە یەکێک لەو هۆکارانەی کەژیانی ژنەکەی بەهەر هۆکارێک بێت پێ کۆتاهاتبێت، دژایەتی ماڵەباوانی هەردووکیان بێت؟ ئایا بەلای تۆشەوە وایە؟

کەژاڵ حەمە رەشید: لە کۆمەلگای ئێمەدا وەک ئینسان ئازاد نییە، خێزانیش ئازاد نییە. خیزانەکان و ئەندامانی خێزانەکان بەزنجیرەیەکی ئاڵۆز لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەستراون. دەستێوەردانی ژیانی تایبەتی خێزانیک لە لایەن ئەوانی ترەوە کاریکی ئاساییەو پاراستنی ژیانی تایبەتی کاریکی سەختە بەتایبەتی پەیوەندییە پلە یەکەکان، بۆیە پەیوەندیە خیزانییەکان ئاڵۆزن و پرن لە کێشەو ململانێ. لەم نێوەشدا بێگومان کێشەی گەورەو کوشتاریش روودەدات، وە هەر وەکو تۆ دەڵێیت زۆربەی کات قوربانییەکان ژنانن. بەڵام ئەگەر باس لە کوشتن و خۆسوتاندنی ژنان بکەین وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دیاردەیەکی گشتی کۆمەڵگا ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو ژنە، بێ مافە، پلە دووە، لەلایەن کۆمەڵگاو یاساوە بێدەسەڵات و لاوازکراوە، ئازاد نییە....وە هەروەها. بە رای من کێشەکە ئەوە نییە، بەڵکو چەندین کچ کاتێک خۆیان دەسووتێنن کە هێشتا لە ماڵی باوکی خۆیانن، کێشەی زەواج لە ئارادا نییە، بەڵام لە خودی خێزانەکەی خۆیدا وەکو کچ دەچەوسێتەوە، بێ مافە، وەختێک نائومێد دەبیت لەو ژیانە بە خۆسوتاندن کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت. یان زۆر روداو بووە کچ لە هەر لە ماڵی باوکی خۆیدا لەلایەن باوک و براو کەس و کارەوە کوژراوە لە سەر مەسەلەی شەرەف. کەواتە مەسەلەکە ژن بوونەو ژێردەستەیی و بێ مافی ژنانە نەک کێشەو شەری خێزانەکان .

ئیبراهیم عەباس: گەر کۆمەڵە هۆکارێک کەلەسەرەتایی پێکهێنانی خێزان لەلایەن ماڵەباوانی کچانەوە هۆکارێک بن بۆ ژیانی خراپ و پڕلەگرفت و کێشەو توندوتیژی و کوشتار بۆ ژنان؟ ئایا دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت چیان پێدەکرێت؟ تا هاوکاری کچان و کوڕان بکەن و لەکاتی هاوسەربووندا دوو دیناروکێکیان هەبێت ماڵوحاڵی هاوسەری خۆیانی پێ دروست بکەن؟و هێندە ناچاری ماڵەباوانیان نەبن؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: مەسەلەی ئابووری خێزان هەر لە سەرەتای پێکهێنان و دامەزراندنی ژیانی هاوسەرییەوە کێشەیەکی گەورەیەو بەڵکو مەترسیەکە کە دەبێت کورو کچ ڕووبەڕووی ببنەوە لە پرۆسەی دامەزراندنی خێزاندا. ئەمەش بە حوکمی ڕوانگەی باوی کۆمەڵگا زیاتر ڕووی لە پیاوانە و ملی ئەوان دەگرێتەوە. ماڵە باوکی کچ لە ڕوانگەی خۆیانەوە لەپێناو دابین کردنی پاشەڕۆژێکی باشتر زۆرو فشار دەهێنن بۆ کورەکە تا هەر چۆنێکە پێداویستیەکانی ژیانی خێزانیان دابین بکات. وایە زۆر کات ئەم مەسەلەیە بوەتە کێشەی نێوان خێزانەکان و ڕەگی داکوتاوەتە ناو ژیانی هاوسەری کورو کچەکە هەر لە سەرەتای بە هاوسەر بوونیانەوە .بۆ وەڵام دانەوە بەم کێشەیە هەر وەکو لە وەڵامی پرسیاری چوارەمدا باسم کرد دەوڵەت پێویستە کار ئاسانی بکات بۆ گەنجان لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە .

ئیبراهیم عەباس: بەڵام مادەم حکوومەت و سەرکردە سیاسییە باڵاکان بەقسە کەتوونەتە سەرهێڵی بەرگری و ڕێگری لەکوشتارو بەدۆزەخبوونی ژیانی ژنان، تۆ پێتوایە دەبێت لەواری کرداردا چبکەن؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: لەڕاستیدا ئەوەی کە دەسەڵات قسە لەسەر کێشەی کوشتاری ژنان و چەوسانەوەیان دەکات مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو ئەوە نیشان دەدات کە کێشەی ژنان بە پلەیەکی بەرز چۆتە پێشەوە .باسکردنی ئەم کێشەیە لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانەوە لە زۆربەی کۆرو کۆبونەوەکانیاندا و دان نانی کەسێکی وەک نێچیرڤان بەرزانی بەوەی کە " کوردستان کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان پیاو سالاریەو دەبێ کلتورمان بگۆڕین..." لە چاو پێکەوتنێکیداو ڕاگەیاندنی ئەوەی هەر کەسێک سوکایەتی بە ژن بکات تاوانەو دەبێت سزای یاسایی بدرێت، لە کۆبوونەوەیەکی تری دا، ئەمانەو کۆبوونەوەی خودی مەسعود بەرزانی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی ژناندا بۆ دانانی چارەسەرو بەرگرتن بە کوشتارو چەوسانەوەی ژنان، گرنگی دانی میدیاکان بە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە، دانانی ژمارە 100 وەک ژمارەیەکی ئیمێرجنسی بۆ فریاکەوتنی ژنان لە کاتی ڕووداو تەنگانەدا، گفتوگۆکردن لەسەر دانانی یاسایەک بۆ بەرگرتن بە تیرۆری ژنان هەموو ئەمانە گرنگن و کاری باشن، بەڵام ئەم کارانە دەبێت بەردەوام بن و پەرەیان پێبدرێت و هەنگاوی عەمەلیتریان بەشوێندا هەڵگیرێت. بێگومان گەورەترین کارێک لەراستای سەرخستنی ئەم مەسەلەیەدا خودی دەسەڵات دەتوانێت بە ئاسانی بیکات، بەرای من دەبێت دەسەڵات دەست بەرێت بۆ کاری یاسایی لە تەواوی مەیدانەکانی ژیاندا، لە پەروەردەو خۆێندندا مامەڵەی یەکسانی کچ و کور وە جیا نەکردنەوەیان لە مەرحەلەکانی خۆێندندا، هەر لەم مەیدانەدا منالان هەر لە پلە سەرەتاییەکانی خۆێندندا بە پەروەردەو بیری یەکسانی نیوان ژن و پیاو گۆش بکرێن و بیرو رای پیاو سالاری بخرێتە ژێر ڕەخنەو مەنهەجی تایبەت لەم بارانەوە لە پرۆسەکانی خۆێندندا دانرێت، حیجاب و هەموو ڕەمزە دینیەکانی تر لابرێت و سەپاندنی دین لە

پرۆسەکانی خۆێندندا هەڵگیرێت .سەبارەت بە یاسا، سەرباری ئەوەی کە یاساکانی باری کەسێتی و سزادان هەڵوەشێنەوەو دیین لە دەوڵەت جیاکرێتەوەو شەریعەت و دین لە یاسا دەرکرێت، لێکۆڵەرەوەی یاسایی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دابین کرێت. لە بواری پۆلیسیدا، پۆلیسی فریاکەوتن بە دەم کێشەکانی ژنانەوە دابین کرێت. لە باری فەرهەنگییەوە، چیتر ئەو فەرهەنگ و کولتوورە باوەی کۆمەڵگا بە موقەدەسی نەگیرێت و گۆرینیان بە کارێکی نا شایستەو لادانی کۆمەڵایەتی سەیر نەکرێت و خودی دەسەڵات هانی ئەو مەسەلەیە بدات، لە راستیدا کاتێک متمانە بەو جم و جوڵەی دەسەڵات دەکرێت لە پەیوەند بە مەسەلەی ژنانەوە کە دەست بەرێت بۆ ئەو کارانەی سەرەوە کە باسکران .

بەکورتی: (کەژاڵ حەمە ڕەشید) لە دایک بووی شاری سلێمانییە، لە ساڵی 1991وە دەستی بە کاری سیاسی کردووە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەندام و هەڵسوڕاوی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق بووە تاساڵی (2000). ئێستا وەک کەسایەتیەکی مارکسیست و نووسەرو رۆژنامەنووسی ناسراو لەوڵاتی کەنەدا دەژی، کەماوەی (5) ساڵە وەکو پەنابەر لەو وڵاتەیە .(